بەهۆی ڕووماڵکردنی خۆپشاندان ئاسایشی پارتی هەڵیکوتاسەر میدیایەک و کەلوپەلەکانی بردووە

ئەمڕۆ یەکشەممە، ئاسایشی سەر بە پارتی بەبێ بڕیاری دادوەری و یاسایی هەڵیکوتاسەر نوسینگەی میدیایەک لە شاری هەولێر بەهۆی ڕووماڵکردنی ئەو پێشلکارییەی هێزەکانی پارتی، کە دەرحەق بە مامۆستایان و خۆپشاندەرانی سلێمانی و گەرمیان و کۆیە کرا، دوای ئەوەی ویستویانە لە ڕێی بازگەی دەگەڵەی پارتی بپەڕنەوە بۆ هەولێر بۆ گەیاندنی دەنگیان.

کەناڵی کەی ئێن ئێن ڕایگەیاندووە لەگەڵ ئەوەی بە زەبری هێز کۆتاییان بە خۆپیشاندانی مامۆستایان هێنا لە بازگەی دەگەڵە، هێزە ئەمنییەکان دەستیشیان بەسەر کەلوپەلی ڕۆژنامەوانییەکانی تیمی کەی ئێن ئێن-دا گرت و پێیان وتون: "بڕۆنە لە ئاساشی هەولێر وەریان بگرنەوە".

هەر ئەمڕۆ هێزە ئەمنییەکانی هەولێر هەڵیانکوتایەسەر نوسینگەی کەناڵی KNN لە شاری هەولێر و دەستیان بەسەر کەلوپەلی ڕۆژنامەوانیی و کۆسییەکانی نوسینگەکەدا گرت.

زانیاری زیاتر...

ئەمڕۆ یەکشەممە 9ـی شوباتی 2025، دوای ئەوەی خۆپیشاندەران لە سلێمانی و شارەکانی ئیدارەی گەرمیان و کۆیە بە دەیان پاس و ئۆتۆمبیل بەرەو شاری هەولێر بەمەبەستی گەیاندنی دەنگی فەرمانبەران و

مووچەخۆرانی نارازی بەرەکەوتن لە بازگەی دەگەڵە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕیگریان لێکرا و بە گازی فرمێسکڕێژ بڵاوەیان پێکرا.

بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە، بەشێک لە مامۆستایانی مانگرتوو و ناڕازی بەرەو شاری هەولێر بەڕێککەوتن بۆ گەیاندنی دەنگیان و بڕیاریان دابوو لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم خۆپشاندان بکەن.

بەڵام لە بازگەکانی سنووری پارێزگای هەولێری پایتەخت و لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێگریان لێکرا و ئومێد خۆشناو، ئەندامی پارتی و پارێزگاری هەولێر لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەوانان بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە گوتوویەتی: "هەولێر تاقەتی نییە پێشوازی لە میوانی □□زاگران بکات و پێشوازی لەو جۆرە کەسانە بکات"، ئەوەش وەک ئاماژە بە مامۆستایانی ناڕازی سلێمانی کە بڕیاربوو درێژە بە ناڕەزایەتییەکانیان بدەن و بەرەو هەولێر بڕۆن، بۆ داواکردنی مافەکانیان و چارەسەری ڕیشەیی بۆ کێشەی مووچەو شایستە داراییەکانیان.

ئەمەش لەکاتێکدا، ماوەی 13 ڕۆژە مامۆستایانی سلێمانی مانیان لە خواردن گرتووە و تەندروستی هەندێکیان خراپە و بەردەوامن لە خۆپشاندان.